# بەرنامەی گۆشەنیگای کوردسات وادەزانێت هەموو ریش سورێك هەمزە ئاغا یە

خوێندکاری زانکۆ/ ئامانج

لەوە دەچێت رۆتین سەرجەم بەرنامەکانیشی گرتبێتەوەو مەبەستیان تەنها ئەوە بێت بلێین باسی فلان کێشەو بابەتمان کردو بەرنامەیەکی راستەوخۆمان پێشکەشکردو لەو رێگەشەوە چەند دەسکەوتێکی مادی و مەعنەوی بەدەست بهێنن. ئەم بەرنامەیەش چەند جارێکە باس لە کێشەی گەنج دەکات بێئەوەی ئامادەکاریەکی باشی کردبێت بۆ بابەتەکە.

ئاشکرایە بۆئەوەی باس لە بابەتێك بکرێت پێویستە کەسانی تایبەتمەندو پسپۆری ئەو بوارە بانگ بکرێن بۆ بەرنامەکە نەك پسپۆری بواری مێژوو جوگرافیا بانگ بکرێت باس لە کێشەی کۆمەلأیەتی و گەنجان بکەن کە کێشەیەکی تەواو پەیوەستە بە کۆمەلٔناسیەوە لەوەش سەیرتر لە بەرنامەی رابردوودا ئەندازیارێکی مەدەنی بانگ هێشت کرابوو کە باس لەسەر ئەو بابەتە بکات؟! باش بوو لەم کۆتاییەدا بیریان کەوتەوەو مامۆستایەکی تایبەت لە بواری کۆمەلٔناسی زانکۆی سلێمانیان بانگ کرد .

هەروەها پێویستە بۆ ئامادەکردنی بەرنامەیەك خەلفیەتێکی باش ئامادەبکرێت پێش دەستبەکاربوونی بەرنامەکە. بەلأم وا دیار بوو پێشکەشکاری گۆشەنیگا هیچ توێژینەوەو نوسینێکی سەیرنەکردبووە لەسەر مەسەلەی گەنج تەنانەت توێژینەوەیەکی باسنەکرد کە کرابێت لەسەر گەنجان ، کە هەر لە خودی ئەو کۆلێژەی کە پێشکەشکاری بەرنامە بەناو تێدا دەوام دەکات چەندین توێژینەوەی تایبەت بە بواری گەنجان کراوە بەلأم چونکە هەر بەناو لەوێیەو دەوامنەکردن بۆ ئەمسالی وەك ئەمانە شتێکی ئاساییە هەربۆیە نازانێ و بێئاگایە نەبێت _ ئەگەر بیەوێت ناونیشانی ئەو توێژینەوانەی بۆ دەنوسم کە هەر خودی خوێنکاران لەسەر کێشەکانی گەنج نوسیویانە _ ناهەقیشی ناگرم کە بکەوێتە ئەو هەلأنەوەو ئاگای لە مامۆستاو توێژینەوانەکان و کێشەکان چونکە کورە بچکۆلەکانی حزب غیابات نایانگرێتەوە هەر لەسەرەتای هاتنیان بۆ زانکۆ بەلێنی نەك دەرچوون بگرە ماستەرنامەشیان پێدەدەن نمونەشیان زۆرە کە لەئەنجامدا مامۆستای بێتوانایان لێدرووست دەبێت. بۆ ئەم حزبییانە دەوام نەکردن و پێشێلکردنی یاساکان وەك لەرۆژانەدا دەیبینین لە هەموو ئاستەکاندا رێگا پێدراوو وئاساییە. بەلأم سەیر لەوەدایە دەیانەوێت ئەو دەوام نەکردن و شکاندی یاساکان بەیاخیبوون و هەلۆیستێکی گەنجانە ناوزەندی بکەن ، بەرێزان ئەوە هەلۆێست و یاخیبونی گەنجانە نیە ئێوە پالپێوەدەنێت کە دەوام نەکەن و یاساکان بشکێنن بەلکو ئەوە ئەو پشتەتانە لە حیزب کە پێتان دەلێت خەمی هیچتان نەبێت ماستەرنامەکەشتان مسۆگەرە ئێوە کە کاری حزبی مۆلەتتان نادات دەوام بکەن بۆ کورسیەکەتان لەکەسانی تریش حجزکردوە تکایە یەك دەوامیان بکەن بەسە ناونوسین لەسەر کاغەز ئێمەتان بێزارکردووە ئێوە تەنها بۆ ئیمتحانەکان ئەگەر بێنەوە ئەوە موعجزەیە بەلأم سەیر ئەوەیە نمرەتان لە ئێمەش باشترە؟!

لەم گۆشەنیگایەدا سەیر لەوەدا بوو باس لە کێشەی گەنج دەکراو تەنانەت یەك گۆشەنیگای گەنجی تێدا نەبوو و بانگ نەکرابوو تا بەشداری بکات لە گفتوگۆکاندا نەوەك میوان بانگکرابوون نەوەك جمهورێك کە قسەو باسووخواسەکانیان گوێی لێبگیرێت لەبەرئەوەی ئەوان زۆر باش ئەوە دەزانن کە گەنجان و خوێندکاران هیچ ئیتجاهێکی بەرنامەکە بەباشدانانێن کە ئیتجاهێکیان دەیەوێت گەنج دوور بخەنەوە لەواقی کۆمەلگاو و قەتیسی بکەن لە مۆدیلاتی جل و قژدا و ئیتجاهەکەی تریش

دەیەوێت بمانکەن بە خۆراك و سوتەمەنی و چەپڵەلێدەری حیزب . بەڵکو گەنجان وخوێندکاران رێگای دەربازبوون لە سجنی حزب و قسەکردن لەسەر مەسەلە گرنگەکانیان هەڵبژاردوە و ژیانی رۆژانەی خۆشیان دەکەن و لەناخیاندا چەندین گرفت وگلەیی وخەم هەیە بەڵام بەردەوام حزب و کەناڵکانی راگەیاندن دەنگەکان کپ دەکەن ونایگەیەنن ، ئایا ئاگاداری ئەوەن کە خوێندکاران جموجولی خۆ دەربازبوون دەکەن لە جلەوی حزب و رێگەیان لێگیرا وزۆربەیان دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ پەیوەندیە سروشتیەکانی خۆیان نەك ئەو  پەیوەندیانەی حزب دروستی دەکات و تەنانەنەت دەمانەوێت نوێنەریش دیاری بکەن لەسەر ئاستی پەیوەندی هاوڕێیانە نەك لیستی حزبی کە ژیان و پەیوەندیەکانیان شێواندوە  هەر ئەمەش بوو کە رێکخراوە کارتۆنی و حزبیەکانی ترساند تا ئەمساڵ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران نەکەن و دەمانەوەێت لەمسال بەدواوە ناکۆکی حزبەکان نەگوێزرێتەوە ناو ژیانمان بەکردنی هەڵبژاردنی بەرهەمهێنەری رقوکینە.

هاورێکانم چەندین جار باسیان کردووە کەچالاکی و بابەتی باشیان ناردووە بۆکەناڵکانی بڵاوکردنەوە بەڵام بڵاویان نەکردۆتەوە تەنانەت ئەهلیەکان بڵاویانەکردۆتەوە کە پێدەچێت ئەمانیش لە ترسی جێپێلێژبوون  بە هاتنی نەوەیەکی تری بزانن. گەنجان وخوێندکاران بەردەوام قسەوباس و پرۆژەیان هەیە بۆ رووداوەکان، لەم ماوەیەشدا پرۆژەیەك دەخەینەروو هیوادارین دەنگمان کپ نەکەن ودەنگمان بگەیەنن چونکە بێهیواین لە مەسولەکان ودەسەڵاتداران و دەزانینن کە شیعاریان ئەوە یە کە دەڵێن( ئازادی هەیە رای خۆتان بڵێن بەڵام بەگوێتان ناکەین ) واتە سیاسەتی پشتگوێخستنیان گرتۆتەبەر بەرامبەر هەموو چین و توێژەکان تەنها لەکاتی پەلەقاژێدا نەبێت خەڵك و داوای خەڵکیان بیرناکەوێتەوە ئەویش بەوەعدی درۆ خەڵکەکە دەخەڵتێنن. بەڵام ئێمە ئەرکی سەرشانمانە بەردەوام هەموو خەڵّك ئاگاداروو وشیار بکەینەوە ئەگەر ئەمجارەش دەنگمان کپ بکەن ئەوا هەموو جیهان ئاگاداردەکەینەوە لەو نارەوایو ناهەقیانەی کە دەکرێت  بەرامبەر بەئێمەو هەموو خەڵك .